لەبەرئەوەی متمانەی بە زیدان و بەرپرسانی ریال مەدرید نییە..

# ئیسکۆ هەڕەشەی چوونە بارسا لە ریال مەدرید دەکات



ڕووداوی وەرزشی ـ CNBC

ئیسکۆ ئالاراکۆن، ئەستێرەی یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی، سەرەڕای ئەوەی لە وەرزی رابردوودا رۆڵێکی کاریگەری هەبوو لە بردنەوەی هەردوو نازناوی لالیگا و چامپیۆنزلیگ بۆ یانەکەی، هێشتا دڵنیا نییە لەوەی شوێنێکی لە پێکهاتەی سەرەکی زەینەدین زیداندا دەبێت، لەبەرئەوە هەڕەشەی رۆیشتن بۆ ریزەکانی بارسێلۆنا لە ریال مەدرید دەکات.

پێدەچێت سەقامگیری یانەی ریال مەدرید زۆر نەخایەنێت، دوای ئەوەی ئیسکۆ بە هاوڕێ نزیکەکانی خۆی راگەیاندووە، دەیەوێ بچێتە ریزەکانی بارسێلۆنای رکابەری ریال مەدرید، ئەگەر هاتوو بەرپرسانی ئەو یانەیە لە هەوڵەکانیان بەردەوام بن بۆ هێنانی ئیدین هازاردی ئەستێرەی بەلجیکی بۆ ریزەکانی مێرینگێ.

بەپێی هەواڵێکی ماڵپەڕی دیاریۆ گۆڵی ئیسپانی، ئیسکۆ لە پشتگوێخستنی تووڕەیە، هەرچەندە لەو یارییانەدا دەروشایەوە، کە وەرزی رابردوو لە چامپیۆنزلیگ و لالیگادا بەشداربوو.

هەمان سەرچاوە دەشڵێت "ئیسکۆ بە رۆیشتنی خامیس رۆدریگز گەشبین بوو، بەڵام دواتر لە ویستی شاهانە، بۆ گرێبەستکردن لەگەڵ هازارد سەری سوڕماوەو ئیدی مەترسی ئەوەی لا دروستبووەتەوە کە بچێتەوە سەر کورسی یەدەگ و بێگومان بەمەش رازی نابێت".

ئیسکۆ، لە ماوەی گواستنەوەی هاوینەی ئێستادا، چەندین گرێبەستی بەهێزی بۆ هاتووە، بەڵام پێی باشبووە چاوەڕێی دەرفەتی خۆی بکات، بەتایبەتی دوای رۆیشتنی خامیس رۆدریگز، لەگەڵ ئەگەری رۆیشتنی گاریس بەیڵیش.


WWW.RUDAW.NET

# ڕووداو وەرزشی

ژمارە (458) سێشەممە 2017/7/25 3ی خەرمانان - 2717 (500) دینار

رۆژنامەیەکی وەرزشی هەفتانەیە کۆمپانیای رووداو بەسپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم دەرید


هەر یانەیەک بۆ کڕینی نەیمار پێویستی بە 629.42 ملیۆن یۆرۆیە نەک 528 ملیۆن یۆرۆ..

# بۆمبی کیم جۆنیۆر



سۆشیال میدیا: رۆیشتنی نەیمار وەک بۆمبە ئەتۆمییەکەی کۆریای باکوور سیناریۆیەکی درۆزنانەیە

3



## هەموو شتێک لەبارەی (رۆجێر فێدێرێر)ەوە

7

## تۆتی لە ترسی ژنەکەی وازی لە یاریکردن هێنا



5

## بۆنوچی بەڵا بەسەر یوڤێنتۆسدا دێنێت



4

## خاوەن دروشمی (بژی پێشمەرگە) هەنگاوێکی بۆ یۆرۆپالیگ ماوە



2


هەمیشە دڵشادبە

KOREK Telecom

ئینتەرنێتی رۆژانە و هەفتانە و مانگانەی بێسنوور لە (کورەك)ەوە

ڕووداو وەرزشی
ژمارە ( 458 )
سێشەممە 2017/7/25



**لە سفرەوە**

سەنگەر سابیری یاریدەدەری ڕاهێنەری تیپی باڵەی یانەی هەولێر، بە (ڕووداوی وەرزشی) ڕاگەیاند سەرجەم یاریزانانی تیپەکەیان ریزی یانەکەیان جێهیشتووەو تەنیا چەند یاریزانێکی کەم ماونەتەوە گوتی «ئێستا تیپێکی لاوی باشمان دروستکردووەتەوە، وەک ئەوە وایە لە سفرەوە دەستمان پێکردبێتەوە». هەروەها گوتیشی «یانەی هەولێر هەمیشە ناوێکی گەورە بووە لە خولی عێراقی و کوردستان، بۆیە بۆ ئەوەی تیپەکەمان بەردەوام بێت کۆمەڵێک یاریزانی لاومان هێناوە».

## گەورەترین یانەی تورکیای بێهیوا کرد..




# خەونی کوردێک بۆ یۆرۆپالیگ هەنگاوێکی ماوە

هەرێز جەمال
ڕووداوی وەرزشی ـ سلێمانی

لە یاری گەڕانەوەی قۆناخی دووەمی پاشکۆی سەرکەوتن بۆ قۆناخی کۆمەڵەکانی خولی ئەوروپا (یۆرۆپالیگ) بۆ وەرزی داهاتوو، یاریزانێکی پیشەگەری کورد، کە بۆ یانەیەکی سوێدی یاری دەکات، یانەی گەلاتەسەرای تورکی لە سەرکەوتن بۆ خولەکە بێئومێد کرد.

لە یاری گەڕانەوەی قۆناخەکە لە ئیستەنبوڵ هەردوو یانەی ئۆسترسوندی سوێدی و گەلاتەسەرای تورکی ڕووبەڕووی یەکدی بوونەوەو یارییەکەش 1 ـ 1 کۆتاییهات، کە یاریزانی کورد بڕوا حیکمەت نوری گۆڵی یانە سوێدییەکەی تۆمارکرد. پاش کۆکردنەوەی ئەنجامی هەردوو یاری کە یانە سوێدییەکە 3 ـ 1 براوە بوو، توانی سەرکەوتن بۆ دواتر و قۆناخی کۆتایی پاڵاوتنەکانی کۆمەڵەکان مسۆگەر بکات و تەنیا بە دوو یاری دیکە دەگەنە یۆرپالیگی ساڵی داهاتوو.

بە گوتەی یەکێک لە کەسە نزیکەکانی بڕوا، ئەو یاریزانە لە شاری ئۆرمیەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدایکبووە، بەڵام دواتر خانەوادەکەی هاتوونەتە سلێمانی و پاشان ڕوویان لە وڵاتی سوێد کردووەو ئێستا بەشی زۆریماڵباتەکەی ئەو یاریزانە لە سوێد نیشتەجێن و بەشی زۆری کەسە نزیکەکانی دیکەشی لە شارەکانی سلێمانی و هەڵەبجەی شەهید نیشتەجێن.

بڕوا حیکمەت، پێشتر لە چەندین یانەی سوێدی یاریکردووە کە گرنگترین لەو یانانە داڵکورد بووە، بەڵام ئێستا لە ئۆسترسوند بووە بە ناوێکی گەورە. ئەو پێش یارییەکەی گەلاتەسەرای لە ڕێگەی سۆشیال میدیای تورکی و پەیجەکانی نزیک لە



یانە گەورەکەی ئیستەنبۆل کەوتە ژێر فشار و هەڕەشەیەکی زۆرەوە، تەنانەت کار گەیشتە ئەوەی مەترسی لەسەر ژیانی ئەو یاریزانە دروست بێت، بەهۆی ئەوەی پێش یارییەکە درێسێکی لەبەرکردووە کە لەسەری نووسرابوو «بژی پێشمەرگە»، بەڵام ئەو هەڕەشانە کاری لەو یاریزانە نەکردوو لەنێو جەرگەی ئیستەنبوڵەوە گۆڵی تۆمارکردو گەلاتەسەرای لە ململانێ بۆ سەرکەوتن بۆ خولی ئەورووپی دوورخستەوە.

بڕوا حیکمەت، ماوەی چەند مانگێکە بانگهێشتی هەڵبژاردەی نیشتیمانیی عێراق کراوەو لەو ماوەیەشدا چەند یارییەکی لەگەڵ ئەو هەڵبژاردەیە ئەنجامداوە، لەوانەش بەرامبەر هەڵبژاردەکانی ژاپۆن، کۆریای باشوور و ئیمارات.

بڕوا حیکمەت نوری، تەمەنی 30 ساڵە، ئێستا کاپتنی یانەی ئۆسترسوندەو لە هێڵی ناوەڕاست یاری دەکات. ئەو یانە سوێدییە لە ساڵی 1996 دامەزراوەو یەکێکە لە یانەکانی خولی نایابی سوێدی. وەرزی ڕابردوو بە کۆکردنەوەی 42 خاڵ لە پلەی هەشتەمی ریزبەندی یانەکانی خولەکە هات، کە بڕوا توانی 4 گۆڵی بۆ تۆمار بکات.



### وانەیەک لە دڵسۆزی

ئەمە یەکێکە لەو وێنە جوانانەی، کەمجار لە یاریگەکانی کوردستاندا دووبارە دەبنەوە. کە شاخەوان عارفی ڕاهێنەری ئەکادیمیای تۆپی پێی یانەی دالکوردی سوێدی، لە کاتی مەشقەکاندا یارمەتی منداڵێکی بەشداربوو لە ڕاهێنانەکان دەدات بۆ توندکردنەوەی قەیتانی پێڵاوەکەی.

ئەم وێنەیە پێماندەڵێت «تۆپی پێی کوردستان پێویستی بە چەندین ڕاهێنەری دڵسۆزی وەک کاپتن شاخەوان هەیە، بۆ ئەوەی بتوانێت ئومێدی ئەوە لای جەماوەری کوردستان دروست بکات، کە ڕۆژێک دێت تۆپی پێ لەم وڵاتەی خۆماندا هاوتای وڵاتە پێشکەوتووەکان بایەخ و گرنگی خۆی دەبێت».

## کچانی کوردستان بەرگری لە درێسی یانەیەکی بەغداد دەکەن..

# کچانی ئافرۆدێت بەناوی شورتەی بەغداد یاریدەکەن



کارزان کانەبی
ڕووداوی وەرزشی ـ سلێمانی

عەباس فەرەج، ڕاهێنەری تیپی تۆپی پێی یانەی ئافرۆدێتی شاری سلێمانی، بە (ڕووداوی وەرزشی) ڕاگەیاند «ئێمە بە فەرمی گرێبەستێکمان لەگەڵ یانەی شورتە کردووە، کە بەهۆیەوە ژمارەیەک لە یاریزانان و دەستەی ڕاهێنەرانی تیپی تۆپی پێی یانەکەمان بەناوی ئەوانەوە بەشداری لە خولی تۆپی پێی عێراقی بۆ ئاستی کچان بکەین».

لەبارەی چوونی یاریزانانی ئافرۆدێت بۆ ریزەکانی یانەی شورتەی بەغداد، عەباس فەرەجی ڕاهێنەری ئێستای تیپی تۆپی پێی کچانی شورتە، بە (ڕووداوی وەرزشی) گوت «ئێمە قسەی کۆتاییمان لەگەڵ ئیدارەی یانەی شورتە کردووە و سەید سەفای بەڕێوەبەری تیپ هاتووەتە سلێمانی و ئامادەیی کەمپی مەشقی تیپەکە بووە، پارەی هوتێل و یاریزانانی دابین کردووە». ئەو هەروەها

## عەباس فەرەج: یەکێتی تۆپی پێی عێراق ریسەکەی لێکردین بە خوری

گوتی «ئێمە تەنیا چاوەڕێی ئەوەبووین بەفەرمی بچینە بەغداد بۆ ئەوەی لەوێش مەشق بکەین و یاریزانەکانیش بەفەرمی گرێبەستەکە لە شاری بەغداد مۆربکەین، هەرچەندە لە سلێمانی مۆریان کردبوو».

یەکێتی تۆپی پێی عێراق، بە پاساوی ئەوەی تەنیا 3 یانە تیپی کچانیان ئامادەن بەشداری لە خولی عێراقدا بکەن، بڕیاریدا خولەکە ئەنجام نەدات، ئەمەش زیانێکی زۆری بۆ ئەو 3 یانەیە هەبوو، بەتایبەتیش ئەو یاریزانانەی ئافرۆدێت، کە دەیانویست بەناوی یانەی شورتەوە بەشداری بکەن. لەبەرئەوە عەباس فەرەج دەڵێت «بەداخەوە یەکێتی تۆپی پێی عێراقی ریسەکەی لێ کردین بە خوری، بۆیە ئێمە وەک ڕاهێنەری تیپی کچان دەمانەوێ فشار دروست بکەین، چونکە ئێستا ئێمە و تیپی جەوییە و گازی باکوور ئامادەین بۆ ئەو پاڵەوانیەتییە».

ئەو ڕاهێنەرە ئاماژەی بۆ ئەوەکرد کە ئەوان بەرنامەی خۆیان هەبوو، دەیانویست تیپێکی بەهێز بۆ خولی عێراق دروست بکەن «جگە لەم 9 کچە یاریزانەی شاری سلێمانی لەگەڵ چەند یاریزانێکی دهۆک و 4 پیشەگەریش قسەمان کردبوو، کە پیشەگەرەکان لە تونس و زیمبابۆی و میسر بوون، دەمانویست بە هێنانی ئەو یاریزانانە ریزەکانی تیپەکەمان زۆر بەهێز بکەین».

## «ئامادەبووین بەناوی یانەی هەولێرەوە بەشداری لە خولەکاندا بکەین»

بە قسەی عەباس فەرەج، هەندێک یانە حەزناکەن ئەو خولە بەڕێوەبچێت، چونکە سوودی بۆیان نییە «ئێمە وەک یانەی شورتە پێکهاتەیەکی بەهێزمان هەبوو، بەڵام بەداخەوە بەهۆی ئەنجام نەدانی خولی عێراق سەربازگەی مەشقی تیپەکەمان لە دەرەوە هەڵوەشاندەوە، هەروەها ئەو گرێبەستەمان لەگەڵ یانەی شورتە بۆ کچە یاریزانانی سلێمانی زۆر باشبوو، چونکە مووچەی باشیان پێدەدان».

لەبارەی یاری نەکردنیشیان بۆ یانەکانی کوردستان، عەباس فەرەج گوتی «ئێمە زۆر حەزمان دەکرد یاری بۆ یانەیەکی کوردستان بکەین، بەڵام کە هیچ یانەیەک نەبێت چی بکەین؟ ئێمەش ناچارین. تەنانەت بڕیارماندابوو ئەگەر یانەی هەولێر ئامادەکاری ئەوەی هەبێت ئێمە بە ناوی هەولێرەوە بەشداردەبین لە خولەکان، بەڵام ئەوانیش قەیرانیان هەیە کەس ناتوانێت ئێمە لەباوەش بگرێت، ئێمە و یاریزانەکانیش بەردەوام لەسەر گیرفانی خۆمان لە مەشقی بەردەوام داین تەنیا بۆ ئەوەی بەردەوامبین لە وەرزشکردن».

ئەو ڕاهێنەرە دووپاتیشیکردەوە کە لە ئەگەری بەڕێوەچوونی خولی کوردستان، یەک دوو یانە هەیە لە شاری سلێمانی، لەوانەیە بەناوی ئەوانەوە یاری بکەن و گوتیشی «هەتا یانەیەکی کوردستانی هەبێت ئێمە ئامادەنین یاری بۆ یانەیەکی دیکەی دەرەوەی کوردستان بکەین».





# هەمیشە دڵشادبە

ئینتەرنێتی ڕۆژانە و هەفتانە و مانگانەی بێسنوور لە (کورەك)ەوە

لەگەڵ کورەك بەکارهێنانی ئینتەرنێت هیچ سنوورێکی نییە. هەر ئێستا بەشداربە لە پاکێجەکانی ئینتەرنێتی کراوە, بە پێی ئەم ووردەکارییانەی خوارەوە:

- پاکێجی ڕۆژانە: تەنها بە 2,000 دینارە و بۆ ماوەی 24 کاتژمێر بەردەستە
- پاکێجی هەفتانە: تەنها بە 7,000 دینارە و بۆ ماوەی 7 ڕۆژ بەردەستە
- پاکێجی مانگانە: تەنها بە 30,000 دینارە و بۆ ماوەی 30 ڕۆژ بەردەستە

بۆ بەشداریکردن لە پاکێجی ڕۆژانە بە نامەیەك ژمارە 1 و بۆ پاکێجی مانگانەش ژمارە 3 بنێرە بۆ 250, یاخود پەیوەندی بکە بە #250*

411

korektel.com



## وەرزی خۆیەتی

سەرچاوەیەکی نزیک لە ئەسینسیۆی یاریزانی یانەی ریال مەدرید، ئاشکرایکرد ئەسینسیۆ دڵنیایە لەوەی ئەم وەرزە وەرزی خۆی دەبێت و دەتوانێت لەسەر حسابی گاریس بەیڵی ئەستێرەی وێڵزی شوێنی خۆی لە پێکهاتەی سەرەکی ریال مەدریدا بکاتەوە. ئەو سەرچاوەیە دەڵێت «ئەسینسیۆ چاوەڕێی دەرفەتێکە لە زیدانی راهێنەر بۆ ئەوەی بۆی بسەلمێنێت کە ئەو لە بەیڵ شایەنترە بە سەرەکی یاری بکات».

KOREK Telecom

بەهۆی یاساکانی یاری خاوێن..



# هیچ یانەیەک نەیماری پێناکڕێت

ئا: ئیحسان تاهیر

ماوەی زیاتر لە هەفتەیەکە رۆژنامەکانی بەرازیل و ئیسپانیا بە هەواڵێکی بۆمب، هەموو جیهانیان بە پرسی رۆیشتنی نەیمار دا سیلڤای ئەستێرەی بەرازیلی لە یانەی بارسێلۆنای ئیسپانییەوە بۆ پاریس سانجێرمانی فەرەنسی، سەرقاڵ کردووە، کە ئەو هەواڵە وەک بۆمبێکی ئەتۆمی بۆمەلەرزەیەکی لە ماڵی کەتالۆنیدا ناوەتەوە.

### دەڕوات یان ناڕوات؟

هەندێک لە سەرچاوەکان رۆیشتنی نەیماریان مسۆگەر کردووەو هەندێکی دیکەش دەڵێن "نەیمار بڕیاریداوە بمێنێتەوە"، بەڵام هێشتا نەیمار و باوکی، کە بەڕێوەبەری کارەکانیەتی هیچ شتێکیان بەدەمی خۆیان نەگوتووە، واتە مەسەلەی رۆیشتنی نەیمار لە بارسێلۆنا نە رەتیانکردووەتەوەو نە پشتڕاستیانکردووەتەوە، هەر ئەوەش گومانێکی زۆری ناوەتەوەو نیگەرانی لای هەوادارانی بارسا دروستکردووە، کە پێیانوایە ئەم بێدەنگییەی نەیمار ئەوە دەسەلمێنێت کە خۆی و باوکی ئارەزووی رۆیشتنیان هەیە. هەرچەندە هەندێک لە چاودێران پێیانوایە سەرەڕای ئەو پارە زۆرەی یانەی فەرەنسییەکە ئامادەیە پێیانبدات، نەیمار رازی نابێت یانەیەکی وەک بارسێلۆنا بە یانەیەکی وەک پاریس سانجێرمان و خولی ئیسپانیا کە باشترینی ئەوروپایە بە خولی فەرەنسا کە شەشەمی ئەوروپایە بگۆڕێتەوە.

### لێکدانەوەیەکی زۆر؟

سەرەڕای ئەوەی زۆر لە شرۆڤەکار و چاودێران بەدووری نازانن نەیمار و باوکی بۆ ئەو پارە زۆرە قوربانی بە بارسێلۆنا بدەن، بەتایبەتیش کە ئەوان لەنێو ئەو بوومەلەرزەی راگەیاندنەکان هێناویانەتەوە بێدەنگیان هەڵبژاردووە. هەندێک لە چاودێران لێکدانەوەیەکی دیکەیان بۆ ئەو بێدەنگییەی کوڕ و باوک هەیە و دەڵێن

> "ئەگەر سانجێرمان نەیمار بکڕێت پێویستە 629.42 ملیۆن یۆرۆ بدات نەک 528 ملیۆن یۆرۆ"

"لە راستیدا رەوا نییە نەیمار و باوکی هەنگاوێکی لەو جۆرە بنێن و نیمۆ لە بارساوە بچێتە پاریس سانجێرمان، بەڵام ئەو بێدەنگییەیان لەوانەیە مەبەستدار بێت و چەند ئامانجێکیان هەبێت".

بەپێی ئەو لێکدانەوانە، نەیمار و باوکی دەیانەوێ هەرایەکی گەورە لە جیهاندا بنێنەوەو ماوەیەک هەموو جیهان بەخۆیانەوە سەرقاڵ بکەن، کە ئەم ئامانجەیان پێکاوە. لە لایەکی دیکەشەوە دەیانەوێ گوشارێک بخەنە سەر بارسێلۆنا بۆ ئەوەی گرێبەستی نەیمار نوێ بکاتەوەو مووچەیەکی زۆرتری پێبدات، بەتایبەتیش کە هەندێک لە سەرچاوەکان باس لە ئیرەیی نەیمار و باوکی لە مێسی دەکەن، دوای نوێکردنەوەی گرێبەستەکەی لەلایەن بارسێلۆناوە بە مووچەیەکی خەیاڵی".

لەگەڵ هەموو ئەمانەدا بۆچوونێکی دیکەش هەیە، کە پێیوایە نەیمار نایەوێ لە بارسێلۆنا بڕوات، بەڵام وشەی نهێنی لای باوکیەتی، کە سوورە لەسەر رۆیشتنی کوڕەکەی بۆ پاریس سانجێرمان، بۆ ئەوەی پارەیەکی خەیاڵی دەستکەوێت و کوڕەکەی ببێتە خاوەنی گرانترین گرێبەست لە مێژووی تۆپی پێی جیهاندا، ئەمە بێجگە لەوەی کە یانەی پاریسی بەڵێنی پێداوە لە دەرەوەی گرێبەستەکە، بڕی 40 ملیۆن یۆرۆی وەک بەخشیش پێبدات".

### لێکدانەوەیەکی دیکە؟

لێکدانەوەیەکی دیکەش بۆ ئەم پرسە هەیە، کە هەندێک پێیانوایە ئەم پرسەی رۆیشتنی نەیمار لە بارسێلۆناوە بۆ پاریس سانجێرمان تەنیا یارییەکە کە یانە فەرەنسییەکە دەیکات بۆ ئەوەی وا لە بارسێلۆنا بکات واز لە ئەستێرە ئیتاڵییەکەی مارکۆ ڤێراتی بێنێت، کە بارسێلۆنا چەندینجار رایگەیاندووە هێشتا بێهیوا نەبووە لە بەدەستهێنانی تواناکانی ڤێراتی و دەشڵێت "تاوەکو دوایین رۆژی میرکاتۆی هاوینە بەردەوام دەبین لە هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی تواناکانی ڤێراتی". ئەمە جیا لەوەی کە ئەگەری ئەوەش هەیە سەرۆکە قەتەرییەکەی پاریس سانجێرمان بیەوێ بە بردنی نەیمار تۆڵەی ئەوە لە بارسێلۆنا بکاتەوە کە کە گرێبەستی سپۆنسەریی لەگەڵ هێڵی ئاسمانی قەتەری هەڵوەشاندووەتەوە.

### بۆمبێکی درۆزنانەیە

لە تووڕە کۆمەڵایەتییەکانیشدا بۆچوونەکان جیاوازن لەبارەی رۆیشتن یان مانەوەی نەیمار لە بارسێلۆنا، بەڵام هەندێک پێیانوایە ئەمەی نەیمار و باوکی دەیکەن تەنیا سیناریۆیەکی درۆزنانەیە. تەنانەت هەندێکیان بە بۆمبی ئەتۆمی کۆریای باکوور دەیچوێنن. ئەوان دەڵێن "رۆیشتنی نەیمار لە بارسێلۆنا درۆیەکە وەک بۆمبە ئەتۆمییەکەی کۆریای باکوور". هەروەها دەشڵێن "وەک ئەوەی کیم جۆنگ ئۆنی دیکتاتۆری کۆریای باکوور هەمیشە دەیەوێ بە بانگەوازکردن بۆ بۆمبی ئەتۆمی هەموو جیهان بەخۆیەوە سەرقاڵ بکات، باوکی نەیماریش دەیەوێ بەهەمانشێوە بە بانگەوازکردن بۆ رۆیشتنی کوڕەکەی لە بارسێلۆنا جیهان بەخۆیەوە سەرقاڵ بکات". هەندێکیشیان دەڵێن "بۆمبی کیم جۆنیۆر"، کە مەبەستیان تێکەڵکردنی ناوی کیم جۆنگی سەرۆکی کۆریای باکووور و سانتۆس جۆرنیۆری باوکی نەیمارە.

### هیچ یانەیەک نەیماری پێناکڕێ

ماڵپەڕێکی ئیسپانی پسپۆر لە بواری دارایی و ئامارە وەرزشییەکان بە زمانی ژمارەوە پرسی رۆیشتنی نەیمار لە بارسێلۆنا بەدرۆ دەخاتەوە.

ئەو ماڵپەڕە دەڵێت "ئەگەر نەیمار لە بارسێلۆنا بڕوات نەک بە 528 ملیۆن یۆرۆ بەسەر یانە پاریسییەکە دەکەوێت وەک دەزگاکانی راگەیاندن باسیان کردووە، بەڵکو بە 629.42 ملیۆن یۆرۆی لەسەری دەکەوێت و بەمەش هیچ یانەیەکی ئەوروپی ناتوانێت نەیمار لە بارسێلۆنا بکڕێت بەهۆی یاساکانی یاری خاوێن، کە یەکێتی تۆپی پێی ئەوروپا لە ساڵی 2011ەوە پەیڕەوی دەکات.

راستە هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی نێوان یاریزانی نەیمار و بارسێلۆنا، دەگاتە 222 ملیۆن یۆرۆ، ئەو ژمارەیە بەلای هەندێ کەسەوە لۆژیکییە، ئەگەر سەیری ئەو ژمارانە بکەین، کە بە یاریزانی ئاست نزمتر لەو دەدەرێت، وەک یاریزانی فەرەنسی کیلیان ئێمباپێ، کە گرێبەستێکی بە نزیکی 140 ملیۆن یۆرۆ پێگەیشتووە، بەڵام مەسەلەکە لەوە ئاڵۆزتر و بە گوژمەترە.

بە زمانی ژمارەکان، گوژمەی راستەوخۆی هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستەکەی 222 ملیۆن یۆرۆ دەبێت، بەڵام دەبێت ژمارەی دیکەشی بخرێتە سەر، یەکەم 21% زیادە، کە یانە فەرەنسییەکە دەیدات، ئەویش باجی سەر بەهای زیادەیە (VAT) واتە 46.62 ملیۆن یۆرۆ، ئەوەش بەهاکە بۆ 268.62 ملیۆن یۆرۆ بەرزدەکاتەوە. بەر لەوەی باسی مووچەکەی بکەین. ئەگەر مووچەکەشی بخەینە سەر، کە دەزگاکانی راگەیاندنی باسی دەکەن، لەگەڵ رێژەی بەرزی باجەکان، کە دەگاتە 69% لەسەر خاوەن داهاتە بەرزەکان لە فەرەنسا، یانە فەرەنسییەکە دەبێت ساڵانە نزیکەی 90.2 ملیۆن یۆرۆ بدات، واتە 360.8 ملیۆن یۆرۆ لە 4 ساڵی ماوەی گرێبەستەکە. بەمەش کۆی تەواوی ئەو بڕە پارەیەی، کە دەبێت پاریس سانجێرمان لە چوار ساڵدا بیداتە نەیمار 629.42 ملیۆن یۆرۆیە، واتە 157.355 ملیۆن یۆرۆ لە ساڵێکدا، ئەو بڕە پارەیەش لەگەڵ کوالیتی و سنووری دانراو، لەلایەن یەکێتی تۆپی پێی ئەوروپاوە لە چوارچێوەی یاساکانی "یاری خاوێن" یەک ناگرێتەوە.

### یاساکانی یاری خاوێن.

بە ئینگلیزی پێیدەگوترێت UEFA FINANCIAL FAIR PLAY REGULATIONS، کە پرۆژەیەکە لیژنەی راپەڕاندن لە یەکێتی تۆپی پێی ئەوروپا لە مانگی ئەیلوولی 2009 پێشکەشی یویفای کردو لە ساڵی 2011 یویفا ئەو یاسایەی خستە باری جێبەجێکردنەوە، کە بەپێی ئەو یاسایە پێویستە یانەکانی ئەوروپا هاوسەنگی نێوان داهاتی خۆیان و ئەو پارەیە بپارێزن کە لە خۆیانی خەرج دەکەن، لە رووی کڕینی یاریزان و دانەوەی قەرزی یانەکانی دیکە. واتە نابێت یانەیەک لە ساڵێکدا زیاتر لە داهاتی خۆی پارە لە کڕینی یاریزان خەرج بکات و قەرزی یانەکانی دیکەی پێنەدرێتەوە کە بەهۆی کڕینی یاریزانەوە کەوتوونەتە سەری.

> "لە فەرەنسا رێژەی باج لەسەر خاوەن داهاتە بەرزەکان 69 %یە کە نەیماریش دەگرێتەوە"





## سۆشیال میدیا: رۆیشتنی نەیمار وەک بۆمبە ئەتۆمییەکەی کۆریای باکوور سیناریۆیەکی درۆزنانەیە



# رۆناڵدۆ

## دەمەوێ لە مێسی و نەیمار باشتر بم

روودای وەرزشی ـ SPORT

کریستیانۆ رۆناڵدۆ، ئەستێرەی پورتوگالی یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی، کە ئێستا ماوەی پشوودانەکەی بەسەردەبات، جارێکی دیکە باسی لیۆنێل مێسی ئەستێرەی ئەرجەنتینی یانەی بارسێۆنا دەکات و دەڵێت "دەمەوێ لە مێسی و نەیمار باشتر بم".

دۆن رۆناڵدۆ، لە کاتی سەردانی بۆ وڵاتی چین، قسەی بۆ تۆڕی هەواڵی ESPN کردو رایگەیاند کە ئەو هەموو وەرزێک خۆی زۆر ماندوو دەکات بۆ ئەوەی بتوانێت ململانێ لەگەڵ مێسی و چەند ئەستێرەیەکی دیکە بکات و بەسەریاندا سەرکەوێت و ببێتە باشترین یاریزانی جیهان.

رۆناڵدۆ گوتی "کاتێک تۆ لە لوتکەدا دەبی پێویستە ئەو راستییە بزانی کە هەندێ ئەستێرەی دیکەش هەن لە هەمان ئاستی تۆدا، بۆیە ناکرێت وابکەی پێش تۆ بکەون". دۆن کریستیانۆ لە درێژەی قسەکانیدا گوتی "من هەموو وەرزێک ململانێ لەگەڵ مێسی، نەیمار، هیگواین و لیڤاندۆڤسکی دەکەم، کە باشترین یاریزانانی جیهان، بۆیە بەردەوام تێدەکۆشم و خۆم زۆر ماندوو دەکەم بۆ ئەوەی لەوان باشتر بم و ببمە باشترین یاریزانی جیهان، چونکە بەڕاستی من هەمیشە دەخوازم باشترینی جیهان بم".

لەبەر هۆکارێکی سەیر..

# بواتینگ بە رۆیشتنی نەیمار دڵخۆش دەبێت

روودای وەرزشی ـ DW

کیڤین پرینس بواتینگ، یاریزانی غانی و ئەستێرەی یانەی لاس پالماسی ئیسپانی، بۆچوونێکی ناوازەی سەبارەت بە دەنگۆیەکانی گواستنەوەی نەیمار دا سیلڤای ئەستێرەی بەرازیلی لە بارسێلۆناوە بۆ پاریس سانجێرمانی فەرەنسی هەیە.

ئەو بۆچوونە ناوازە یان پێشبینیکراوەی بواتینگ، بەدڵی زۆر لە سەوداسەرانی نەیمار لە جیهاندا دەبێت. بواتینگ باس لە چۆنیەتی گۆڕینی دیمەنی تۆپی پێ لەسەر زەمین ناکات، ئەگەر دەستەوارەکە سەر بگرێت، باس لە راستی و ناڕاستی دەنگۆیەکانیش ناکات، بەڵکو باسی شتێکی جیاواز دەکات، کە پەیوەستە بە یاری فیفا 18وە!.

بواتنیگ پێیوایە چوونی نەیمار بۆ پاریس سانجێرمان، زۆر بەهێزی دەکات، بەڵام لەنێو یاریگەی راستەقینەدا نا، بەڵکو بە یاری ڤیدیۆیی، ئەوەش پاڵی پێوەدەنێت بەردەوام یانەی پاریس سانجێرمان هەڵبژێرێت، ئەگەر بیەوێ یاری بکات.

بواتینگ لە تویتەر نووسیویەتی "وابزانم تۆ دەزانی من لە یاری فیفا 18 یاری بە چ تیپێک دەکەم، ئەگەر نەیمار دا سیلڤا بەڕاستی بچێتە پاریس سانجێرمان بۆ من زۆر باش دەبێت و تیپەکەم بەهێزتر دەبێت".





## درۆیە

داڤید لویزی بەرگریکاری بەرازیلی یانەی چێڵسی ئینگلیزی، ئەو دەنگۆیانە ڕەتدەکاتەوە کە باس لەوە دەکەن گوایە ئەو دەترسێت نیشانەی کاپتنیی وەربگرێت. لویز لەو بارەوە گوتی «درۆیە، من کە دەڵێم هەقە نیشانەی کاپتنی بدرێتە گاری کاهیل لەبەرئەوەیە کە پێموایە ئەو شایەنی ئەو بەرپرسیارەتییەیە، ئەگەرنا من هەمیشە حەزم لە بەرپرسیارەتی کردووە ئامادەم ئەو بەرپرسیارەتییەش هەڵگرم».





### چارەسەرییەکەی لە تۆنی کرۆس یان یاریزانێکی وەک ئەودایە..

# مۆرینیۆ هێشتا دەردی مان یونایتدی چارە نەکردووە

”بوونی پۆگبا و هێرێرا ئەو واقیعە تاڵە ناگۆڕن، کە مان یونایتد پێویستی بە جێگرەوەی کاریکە“

ڕووداوی وەرزشی ـ MU4

لەگەڵ دەستپێکردنی بازاڕی گواستنەوەی یاریزانان، هەموو شتێک گۆڕا و پشێوی دانوستان لەگەڵ یاریزانان و یانەکان ڕوویداو شکستیان هێنا، بەمەش مانچێستەر یونایتد گرێبەستی لەگەڵ ئەو یاریزانانە کرد، کە کۆدەنگیان لەسەر نەبوو، هەرچەندە ئەوان ئەستێرەی گەورەن، بەڵام هێشتا دەردی بەسۆی یونایتد چارە نەبووە، وەک ئەوەی نووسەر گراهام ڕۆزفن لە وتارێکی تایبەت باسی دەکات.

ئەو نووسەرە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە بایەخەکانی یونایتد لە یاریزانی فەرەنسی ئەنتوان گریزمانەوە دەستپێیکرد، تاوەکو دووانەیەکی هێرشبردن لەگەڵ سوێدی زلاتان ئیبراهیمۆڤیچ دروست بکەن، بەڵام پێکانی زلاتان لە بەستەری ئەژنۆی، لە دەرچوون لە شەستانە سوورەکانی نزیک خستەوە، بۆیە یونایتد ڕووی لە دڵی هێرشبردن کرد، بۆ ئەمەش ئەلڤارۆ مۆراتای یاریزانی ڕیال مەدریدی هەڵبژارد، کە لە ڕۆژگاری مۆرینیۆ لە ڕیال لەژێر سەرپەرشتی ئەو یاریکردووە، هەر ئەویش یەکەمجار دەرفەتی یاریکردنی لەگەڵ تیپی یەکەم لە ساڵی 2010 پێبەخشی، کەچی لە کۆتاییدا ناچاربوون بڕی 50 ملیۆن پاوەند، بۆ گرێبەستکردن لەگەڵ بەلجیکی ڕۆمیلۆ لۆکاکۆ، هێرشبەری ئێڤێرتۆن بدەن، کە چێڵسی، تیپی پێشووی مۆرینیۆ هەوڵی گواستنەوەیان دەدا.

وەک ئەو نووسەرە باسی دەکات، وەرچەرخانی دووەم لە گرێبەستکردن لەگەڵ لیندیلۆف لە بێنفیکای پورتوگالی بوو، بۆ ئەوەی کێشەی هێڵی بەگری چارە بکات، کە وەرزی ڕابردوو بە بوونی سمۆلینگ و جۆنز و هەڵەکانی دانی بلیند و مارکۆ ڕۆخۆ تووشی کێشەی زۆربوو، بۆیە مۆرینیۆ دووپاتی لەسەر ئەو دەردە کردەوە، بە گرێبەستکردن لەگەڵ لیندیلۆف، لە ڕێککەوتن لەگەڵ ماتیچ و بریسیچیش نزیکە.

گراهام ڕۆزفن نووسیویەتی ”سەرەڕای ئەو هەموو گرێبەست و ناوە گەورانەی بۆ یانە سوورەکە دێن، کەچی هێشتا کێشەیەک ماوە، کە مۆرینیۆ هێشتا بیری لە چارەکردنی نەکردووەتەوە، ئەویش دۆزینەوەی جێگرەوەیەکی گونجاوە، بۆ یاریزانی ئینگلیزی مایکل کاریک، مایسترۆی هێڵی ناوەڕاست“.

کاریک تەمەنی 35 ساڵانە، کە مۆرینیۆ لە بارەیەوە گوتی ”دەبێت لە تەمەنی 25 ساڵیدا بێت، تاوەکو خۆشەویستان سەیری بکەن و دڵیان بەو ئاستە گەورەیە خۆش بێت، کە پێشکەشی دەکات“. کاریک خاوەن پاسی بەدیقەت و گواستنەوەی هێرشە لە بەگرییەوە بۆ هێرشبردن زۆر بە ئاسانی و سەرکەوتنی بەردەوام. تاوەکو ئێستا مۆ جێگرەوەیەکی نەدۆزیوەتەوە، یان هەوڵی بۆ نەداوە، بوونی پۆگبا و هێرێرا واقیعە تاڵەکە ناگۆڕن، کە کاریک وەرزی داهاتوو واز دەهێنێت، بۆیە مۆرینیۆ مانچێستەر یونایتد پێویستیان بە گەڕان بەدوای یاریزانێکە بە کوالیتی تۆنی کرۆس، کە بتوانێ هێرشەکان بە سەرکەوتوویی لە بەرگرییەوە بۆ هێڵی پێشەوە بگوازێتەوە.



### نەیهێشت بچێتە خولی ژاپۆنی و ئەمریکی..

# تۆتی لە ترسی ژنەکەی وازی لە یاریکردن هێنا

ڕووداوی وەرزشی ـ GULF NEWS

ناوی فرانچیسکۆ تۆتی، کاپتنی یانەی ڕۆمای ئیتاڵی، لەدوای تەواوبوونی وەرزی ڕابردوو، بە ئەزموونێکی پیشەگەری لە ژاپۆن یان ئەمریکا گرێدرابوو، بەڵام هەفتەی ڕابردوو وازهێنانی لەناکاوی خۆی ڕاگەیاند، ڕۆژنامەیەکیش دەڵێت ”تۆتی لەلایەن ژنەکەیەوە ناچارکراوە واز لە یاریکردن بێنێت“.

پێدەچێ ئیلرای پلاسی، هاوسەری ئەستێرەی تۆپی پێی ئیتاڵی فرانچیسکۆ تۆتی، ئەو هۆکاری ڕاستەوخۆی بڕیاری وازهێنانی تۆتی بێت، کە ڕۆژی دووشەممە 17ی تەمموز وازهێنانی یەکجاریی خۆی لە یاریکردنی تۆپی پێ ڕاگەیاند، دوای ئەوەی ڕازی نەبوو بچێتە خولی ژاپۆن و یاری بۆ یانەی تۆکیۆ ڤێردی بکات، کە لە ڕیزی یانە پلە دووەکان یاری دەکات.

جێگری سەرۆکی یانە ژاپۆنییەکە هیدیاکی هانیۆ بە ڕۆژنامەی نیگان سپۆرتسی ڕاگەیاند، دەستەوارەی گواستنەوەی تۆتی سەری نەگرت، چونکە ”ژنەکەی بەو هەنگاوە ڕازی نەبوو“. هانیۆ گوتیشی ”بەنیازبووم بچمە ئیتاڵیا، تاوەکو لەسەر گرێبەستەکە قسە لەگەڵ تۆتی بکەم، بەڵام ئێستا هەموو شتێک کۆتایی هات“. بێجگە لە گرێبەستی یانە ژاپۆنییەکە، تۆتی گرێبەستی لە یانەی مەیامی ئەمریکیشەوە بۆ هات، کە ئەلیساندرۆ نێستای هاوڕێی پێشووی تۆتی ڕاهێنەریەتی، بەڵام ئەوەش سەری نەگرت.

پێدەچێت تۆتی ناچارکرابێت سنوورێک بۆ یاریکردنی خۆی دابنێت، بۆیە دوای 25 ساڵ یاریکردن لە ڕیزەکانی یانەی ڕۆما بڕیاری وازهێنانی خۆی ڕاگەیاند، دووپاتیشی کردەوە، دەست بە قۆناخێکی تازە لە کاری کارگێڕی لەگەڵ یانەکەی پایتەخت دەکات. تۆتی بۆ ماڵپەڕی ڕۆما لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت گوتی ”بەشی یەکەم لە کاروانی وەرزشیم وەک یاریزان کۆتایی هات، ئێستاش بەشی هەر گرنگ خەریکە دەست پێدەکات“، کە ئاماژەیە بۆ وەرگرتنی پۆستێکی کارگێڕی لە یانەکە.

### بەهۆی درێسەکەیەوە زیانێکی زۆری پێدەگات..

# بۆنوچی بەڵا بەسەر یوڤێنتۆسدا دێنێت

ڕووداوی وەرزشی ـ CNBC

یانەی یوڤێنتۆسی ئیتاڵی بە ڕۆیشتنی لیۆناردۆ بۆنوچی لە ریزەکانی نەک هەر بەرگریکارێکی گەورە لەدەستداوە، بەڵکو پارەیەکی زۆریش بەهۆی درێسەکانی ئەو یاریزانە لەدەست دەچێت.

ڕێکخراوێکی پاراستنی مافەکانی بەکاربەر، داوای لە یانەی یوڤێنتۆس کردووە، ئەو درێسانە بگۆڕێتەوە کە بەم دواییە فرۆشتوویەتی و ناوی یاریزان لیوناردۆ بۆنوچی لەسەرە، کە بەم دواییە چووە ریزەکانی میلان. میلان بەشێوەیەکی لەناکاو گرێبەستی لەگەڵ بۆنوچی تەمەن 30 ساڵان کرد، بە گرێبەستێک کە بۆ ماوەی 5 وەرزە بەرامبەر بە 42 ملیۆن یۆرۆ.

هاندەرێک درێسێکی یوڤێنتۆسی کڕیوە، کە ژمارە 19 یەو ناوی بۆنوچی لەسەرە، دوای ئەوەی ڕۆیشتنی لە تیپەکە ڕاگەیێندرا، ئەو هاندەرە داوای لە یۆڤی کردووە، درێسەکەی بەناوی یاریزانێکی دیکە بۆ بگۆڕن، بەڵام ڕازی نەبووە. دوای ئەوەی هەواڵی ڕازی نەبوونی یۆڤی بە گۆڕینی درێسی هاندەرەکە بڵاوبووەوە، گرووپی کوداکۆنز بۆ پاراستنی مافەکانی بەکاربەر، داوایان لە یۆڤی کرد هەموو ئەو درێسانە بگۆڕێت، کە بەم دواییە کڕدراون و ناوی بۆنوچیان لەسەرە، ئەمەش زیانێکی زۆر بەو یانەیە دەگەیێنێت.

هیچ هاندەرێکی یۆڤی پێشبینی ئەوەی نەدەکرد، بۆنۆچی لە تیپەکە بڕوات، نەخاسمە ئەو گرێبەستەی تاوەکو پێش کۆتایی ساڵی ڕابردوو تازە کردبووەوە، بەڵام زۆری بەرکەوتنەکانی لەگەڵ ڕاهێنەری خانمە پیرەکە ماسیمیلیانۆ ئالێگری، بووە هۆی کۆتایی هاتنی پەیوەندی نێوان هەردوولا و گواستنەوەی بۆ میلانی ڕکابەری.

## ـەکانی هەفتە



دەتوانم ڕۆژێک جێگەی مێسی و ڕۆناڵدۆ بگرمەوە، من ئامادەم و دەتوانم ببمە باشترین یاریزانی جیهان

خامیس ڕۆدریگز
(یاریزانی یانەی بایرن میونشن)



لەدژی ئەڵمانیا بۆرتشاگا مارادۆنای کردە ئەفسانەیەکی نەمر، بەڵام بەداخەوە کە هیگواین نەیتوانی ئەوە بۆ مێسی بکات

هێرنان کریسپۆ
(هێرشبەری پێشووی هەڵبژاردەی ئەرجەنتین)



بەڕای من تاوەکو ئێستا ئێڤێرتۆن خاوەنی بەهێزترین گرێبەستی ئەم وەرزەیە، بە گرێبەستکردن لەگەڵ ساندرۆرامیرێز

فیل نیڤل
(یاریزانی پێشووی مانچێستەر یونایتد)



سەرەڕای ئەو هەرایەی ڕاگەیاندنەکان لەبارەی هاتنی خامیس ڕۆدریگز بۆ بایرن میونشن دروستیان کردووە، پێموایە هێشتا تۆماس مۆلەر بۆ بایرن لەو گرنگترە

ماتس زامەر
(بەڕێوەبەری پێشووی وەرزشیی بایرن میونشن)



دەبێ ئینتەرمیلان واز لەو سیاسەتەی بێنێت کە هەموو هاوینێک گرێبەست لەگەڵ چەند یاریزانێکی ئاست ناوەڕاست بکات، ئەو پێویستی بە ئەستێرەی سوپەرە

کریستیان ڤیێری
(هێرشبەری پێشووی هەڵبژاردەی ئیتاڵیا)



کەسایەتی مێسی باوەڕپێنەکراوە، ئەو لەنێو یاریگەدا هەمیشە حەزەکانی خۆی دەکاتە قوربانی تیپەکەی و هاوڕێکانی

نەیمار دا سیلڤا
(کاپتنی هەڵبژاردەی بەرازیل)

## بێ ڕێزییە



واین ڕۆنی یاریزانی نوێی یانەی ئێڤێرتۆنی ئینگلیزی، هەندێ لە هاندەرانی یانەی مانچێستەر یونایتدی لە خۆی تووڕەکرد، کاتێک ڕایگەیاند «هەندێ نەریت لە مانچێستەر یونایتد هەن، دەبێت پارێزگارییان لێبکرێت و ئێستا شتەکان ئاڵۆزتر بوونە، بەڵام چیدی کێشەی من نییە، من بە گەڕانەوەم بۆ ئێڤێرتۆن دڵخۆشم». ئەوان پێیانوایە ئەوە بێ ڕێزییە ڕۆنی بەرامبەر یانە کۆنەکەی دەکات.

مەینەتییەکانی مایکل بەردەوامن..

# خانەوادەی شوماخەر پەرتەوازە بووە



**ڕووداوی وەرزشی ـ DW**

مایکل شوماخەر، سەرکەوتووترین و دەوڵەمەندترین شوفێرە لە مێژووی پێشبڕکێکانی فۆرمۆلا وەندا. چەند ساڵێک پێش ئێستا تووشی کارەساتێکی ناخۆش بوو، بەهۆی ئەوە ئاگای لە خۆی و چواردەوری نەماوە. بەقەد ئەوەی سەرکەوتنی گرەنتی یەکرێزی خێزانەکەی بوو، ئەو خێزانە ئێستا هەڵوەشاوەتەوە.

ئەو کارەساتە بەسۆیە، کە لە 2013/12/29 بەسەر شوماخەردا هات، ڕێڕەوی ئەفسانەی فۆرمۆلا وەنی گۆڕی، بەڵام هەر ئەوەندە نەبوو، بەڵکو ڕێڕەوی کەسانی چواردەوریشی گۆڕی. لەو کاتەوە شوماخەری تەمەن 48 ساڵان، ئاگای لە دنیا نەماوە، هەرچەندە بە جەستە ئامادەیەو هێشتا لە ژیاندا ماوە.

بە گوێرەی ماڵپەڕی گۆڤاری پۆنتەی ئەڵمانی، کۆرینا شوماخەری هاوسەری شوماخەر، سەرکەوتووترین شوفێر لە مێژووی پێشبڕکێکانی فۆرمۆلا وەن، لەوەتەی مێردەکەی تووشی ئەو ڕووداوە بووە، تامی ئاسوودەیی نەکردووە، هەرچەندە تاوەکو ئێستا 3 ساڵ و نیوی بەسەردا ڕەتبووە، پۆنتە دەڵێت «کۆرینا ناتوانێ پشت بەو خانەوادەیە ببەستێ، پێدەچێ خزمەکانی شوماخەر لەدژی وەستابن».

بایەخدان بە شوماخەر نەوەستاوە، هەر جارێک کۆرینا دەردەکەوێ، چاو و زوومەکان لەسەر ئەون، چاودێری جوولە و جلەکانی دەکەن، تاوەکو لە ڕەوشی خۆی و مایکل ئاگاداربن، چونکە خێزانەکەی زۆر بە توندی هەواڵەکانی دەشارنەوە.

کۆرینا شوماخەری تەمەن 48 ساڵان، بە نوێترین وێنە بە دیمەنی ژنێکی جوان بە جلی جوانەوە دەرکەوت، کە ئاماژەی زەردەخەنە لەسەر لێوەکانیەتی»بەڵام چاو خۆشحاڵ نییە»، پۆنتە دەڵێت «ڕووخساری وەک دەمامکە بەشێوەیەکی سەیر، هەتا ئەگەر بیەوێ پارێزگاریی لە بەربەست و ماوەکان بکات (لەنێوان خۆی و ڕاگەیاندنەکاندا)، کەچی زۆر بە داماوی دەردەکەوێ».

### شوماخەرگرەنتی یەکرێزی خانەوادەکە بوو

چەندین هۆکار بۆ دیمەنەکانی خەمناکی هەیە، کە لەسەر ڕووخساری کۆرینا شوماخەر دەردەکەوێ، بەڵام ڕووداوەکەی شوماخەر بووە هۆی نوسانی کۆرینا بە منداڵەکانی بەشێوەیەکی بەهێز، بەڵام ئێستا خانەوادەکە پەرتەوازە بووە، هەموو لە دژی یەکدین؟ ماڵپەڕە ئەڵمانییەکە دەپرسێ.

بە گوێرەی ئەوەی ماڵپەڕی پۆنتە لە کەسوکاری شوماخەر زانیویەتی، پەرتەوازەیی خانەوادەکە مەسەلەیەکی کۆنە، هەتا پێش ڕووداوەکەی شوماخەریش، خانەوادەیەکی نموونەیی نەبوو. ژیانی خێزانی دایک و باوکی شوماخەر قورس بوو.

ئێلیزابیسی دایکی شوماخەر ساڵی 2003 مرد و تەمەنی تەنیا 55 ساڵان بوو، بەڵام ئاڵوودەی مەی بوو. باوکیشی ڕۆلف شوماخەری تەمەن 71 ساڵان دەڵێن ناپاکی لە ژنەکەی کردووە. بە گوێرەی قسەکانی خزمێکی خانەوادەکە مایکل و ڕالفی براشی هەرگیز بە ژیانێکی خێزانی ئاسوودە لە ماڵی باوکیان نەژیاون. لە هەمبەردا ژیانی تایبەتی مایکل لەگەڵ ژنەکەی و منداڵەکانی زۆربەی کاتەکان بەختەوەرانە بوو، بەڵام ژیانی ڕالفی برای، کە ئەویش شوفێری فۆرمۆلا وەن بوو، لەگەڵ کۆرای هاوسەری بە کێشە بوو، تاوەکو لە کۆتاییدا گەیشتە جیابوونەوە لە ساڵی 2015، دوای 14 ساڵ هاوسەرگیری و کوڕێکی هاوبەش لەنێوانیاندا.

سەرکەوتنی مایکل ئەو هێزە بوو، کە ئەندامانی خانەوادەکەی لەژێر باڵی کۆکردبووەوە. هەرچی ئێستایە پشێوی و نیگەرانی تێکەوتووە، چونکە شوماخەر پارێزگاریی لە قەوارەی ئەو خانەوادەیە دەکرد، بەڵام ئەو مەسەلەیە ئێستا بوونی نییە، ئەوە قسەی هاوڕێیەکی ئەو ئەفسانەیە بێ ئاگایە.

> «دایکی شوماخەر مردووەو باوکیشی ئاڵوودەی مەی بووە»



دڕێسە شینەکەی پێلێ یەکەمە..

# گرانترین دڕێسی یاریزانان لە مێژوودا



**ئا: ڕەمزی میرەکانی**

ڕۆژنامەی The Sunی بەریتانی پۆلینێکی تازەی بڵاوکردەوە، کە تایبەتە بە لیستی گرانترین دڕێسی یاریزانان بەدرێژایی مێژوو، ڕۆژنامەکە بۆ ڕیزبەندەکەشی پشتی بە ماڵپەڕی ئیبای بەستووە، کە تایبەتە بە فرۆشتنی دڕێسی ئەستێرە جیاوازەکان، لە ڕێگەی زیادکردنێکەوە، کە لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت ئەنجام دەدرێت.

ئەو دڕێسە شینەی گەوهەری ڕەش پێلێ لە مۆندیالی 1970 لەبەری دەکرد، لە سەرووی لیستەکەوە دێت، ئەو دڕێسە بە بڕی 15 هەزار یۆرۆ فرۆشراوە، لەپێش دڕێسی هاونیشتمانییەکەی جارزینیۆ دێت، کە لە مۆندیالی 1966 لەبەری بوو، دڕێسەکەش بە بڕی 7500 یۆرۆ فرۆشرا. پلەی سێیەمیش هەر بۆ پێلێ بوو، بەهۆی ئەو دڕێسەی لە یانەی سانتۆس لەبەری دەکرد، کە ماڵپەڕی ئیبای توانی بە زیاتر لە 6 هەزار یۆرۆر بیفرۆشێت. مانای وایە ئەستێرەکانی سەدەی ڕابردوو، تاوەکو ئەمڕۆ شوێنێکی تایبەتیان لە دڵی شەیدایانی تۆپی پێدا هەیە.

### دڕێسی زێدان، فیگۆ، مێسی و ڤان باستن لە لیستەکەدان

لە لیستی گرانترین 10 دڕێس لە مێژوودا، دڕێسی زەینەدین زیدانی فەرەنسی بەدی دەکرێت، کە دوایین یاری لەگەڵ ڕیال مەدرید لە ساڵی 2006 پێ ئەنجامدا و پاشان وازیهێنا، ڕۆژنامەی The Sunی بەریتانی دووپاتی دەکاتەوە، شەیدایەکی زیزۆ بە زیاتر لە 5 هەزار یۆرۆر ئەو دڕێسەی کڕیوە.

لەلایەکی دیکەوە دڕێسی یاریزانی پورتوگالی لویس فیگۆ، کە یاری نیوەی کۆتایی یۆرۆپالیگی لەگەڵ بارسیلۆنا بەرامبەر بایرن میونشن لە 1996 پێ ئەنجامدا، لە نێو لیستی 10 گرانترینەکاندایە، هەمان شت سەبارەت بە دڕێسی لیۆنێل مێسی ئەستێرەی ئەرجەنتینی، کە یاری کلاسیکۆی ساڵی 2015 پێ ئەنجام داوەو بەهاکەی 5 هەزار یۆرۆیە. لەو لیستەدا دڕێسی چەند ئەستێرەیەکی دیکەی پێشووی تێدایە، هاوشێوەی گۆڵکەری هۆڵەندی ڤان باستن و گۆڵکەری پێشووی ڕیال مەدرید ڕائوول گۆنزالیس.

> «دڕێسی زیدان لەدوا یاری خۆی لەگەڵ ڕیال مەدرید بە 5 هەزار یۆرۆ فرۆشرا»

## بەهۆی قەرزەکان ژنەکەیشی لەدەستدەدات

بۆریس بیکەر، کە سەردەمێک باشترین یاریزانی جیهان بوو،

**ڕووداوی وەرزشی ـ DW**

بۆریس بیکەر، ئەستێرەی پێشووی تێنسی ئەڵمانی، لەم ڕۆژانەدا بە چەند کاتێکی ناخۆش تێپەڕ دەبێت. دەنگۆکانی مایەپووچبوونی چەند هەفتەیەکە نەبڕاوەتەوە، ئەوە کاریگەری بەسەر ژیانی خێزانیشی هەبوو، کە لەو دەنگۆیانە ڕزگاری نەبووە.

هاوبەشێکی بازرگانی سویسری پێشوو، داوا لە بیکەر دەکات بڕی 40 ملیۆن یۆرۆ قەرز بداتەوە. لەبەر ئەوە هۆیە، بیکەر لەگەڵ هاوبەشی پێشووی تووشی ململانێی دادگایی بووە. چەند هەفتەیەک پێش ئێستا، دادگایەکی بەریتانی مایەپووچبوونی بیکەری ڕاگەیاند، بەهۆی ئەوەی نەیتوانیوە قەرزەکانی بانکێکی ئینگلیزی بداتەوە، وەک دەزگاکانی ڕاگەیاندنی بەریتانیا باسی دەکەن، کەچی بیکەر دووپاتیکردەوە، پارەی پێویستی هەیە، تاوەکو قەرزەکانی پێبداتەوە، لە ڕێگەی دوو پارێزەری ئەڵمانییەوە ڕەتیکردەوە، ئەو هەواڵانە ڕاست بن، کە لە ڕۆژنامەکانی بەریتانیا بڵاوکراونەتەوە، کە ئاماژە بە مایەپووچبوونی دەکەن. بیکەر لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی دی تسایتی ئەڵمانی ئاماژەی بەوە کرد، دەنگۆیەکانی مایەپووچبوونی کە لەدوای دەکرێ، کاریگەری نەرێنی بەسەر هاوسەرەکەی لیلی کردووە. ئەو ئەستێرەی پێشووی تێنس لەبارەی ژنە هۆڵەندییەکەیەوە گوتی «چیدی بەرگەی فشارەکان ناگرێت».

بیکەر بۆ ڕۆژنامە ئەڵمانیەکەی ڕوونیکردووەتەوە» هاوسەرەکەی بۆ ماوەی 3 ڕۆژ چووەتە ئیسپانیا، تاوەکو بەشداری لە کردنەوەی هوتێل یان چێشتخانەیەکی تازەدا بکات»، ئاماژەی بەوەشکرد، پیرۆزبایی لەو هەنگاوە ناکات و ئەو هەواڵەکەی پێ ڕاگەیاندووە.

هەندێ ماڵپەڕی ئەڵمانی، کە بایەخ بە هەواڵی ئەستێرەکان دەدەن، باسیان لە قەیرانێک لەنێوان بۆریس بیکەر و هاوسەرەکەی لیلی کردبوو. ئەو ماڵپەڕانەش ئەو قەیرانەیان بۆ ڕازی نەبوونی بیکەر لە بەشداریکردنی هاوسەرەکەی لە بەرنامەیەکی گاڵتەئامێز گەڕاندەوە، کە لەسەر کەناڵی پرۆ 7ی ئەڵمانی تایبەت پەخش دەکرێت، لەگەڵ کێشەی دارایی، کە ئەو ئەستێرەی پێشووی تێنسی ئەڵمانی پێیاندا تێدەپەڕێت.








## سەلیقەی باکایۆکۆ

سەرەڕای ئەوەی ڕۆژنامەکانی بەریتانیا لەسەر تواناکانی باکایۆکۆی یاریزانی نوێی چێڵسی کۆکن، هۆشدارییان داوەتە ئەو یاریزانە کە چیدی لەسەر دەرچوونە سەیرەکانی بەردەوام نەبێت، وەک لێخوڕینی ئۆتۆمبێلی ڕەنگ سەیر «باکایۆکۆ ئۆتۆمبێلێکی جۆری پۆرش کایانی ڕەنگ پەمەیی لێدەخوڕێت، پێویستە بایەخ بە سەلیقەی ئەستێرەکەی چێڵسی بدرێت، چونکە لەوانەیە فشاری بۆ دروست بکات و ڕاستەوخۆ کار لە ئاستی هونەری بکات».

KOREK Telecom

«فێدێرێر ئەمساڵ لە کۆی بەشداریکردنی لە 6 پاڵەوانیەتیدا 5 جار بووەتە پاڵەوان»

# هەموو شتێک لەبارەی ڕۆجێر فێدێرێر (ئەفسانەی تێنس)



«مایسترۆ سێیەمجارە لە جامی هۆپمانیش نازناوەکە دەباتەوە بێئەوەی هیچ کۆمەڵەیەک لەدەستبدات»

**یاریزانی تێنسی سویسری، ڕۆجێر فێدێرێر، ناسراو بە (مایسترۆ)، توانی دووبارە مێژوویەکی پرشنگدار بۆ خۆی تۆماربکات کاتێک هەفتەی ڕابردوو توانی بۆ جاری هەشتەم نازناوی پاڵەوانیەتی گراندسلامی ویمبلدۆنی (2000) خاڵی لە کاروانی وەرزشیی خۆی بەدەستبێنێت.**

**ئا: د. ڕۆستەم ڕەسوڵ برایم**

ئەم ریکۆردە نوێیەو تاوەکو ئێستا هیچ یاریزانێک نەیتوانیوە 8 نازناو لە ویمبلدۆن بباتەوە. مایسترۆ توانی ریکۆردی هەردوو یاریزان، ویلیام ریشناو 1889 و پیت سامپراس 2000 بشکێنێت، کە پێشتر هەریەکەو 7 جار ببوونە پاڵەوانی ویمبلدۆن.

بە بردنەوەی ویمبلدۆن، کۆی گشتی نازناوەکانی ڕۆجێر لە گشت پاڵەوانیەتییەکانی گراندسلام گەیشتە 19 نازناو (8 ویمبلدۆن، 5 ئەمەریکای کراوە، 5 ئۆستورالیای کراوە و یەک ڕۆلان گارۆسی فەرەنسا)، بەمەش بە ڕاددەیەکی باش مەترسی نزیکترین ڕکابەری لەسەر لاچوو، کە ئەویش ماتادۆری ئیسپانی ڕافایێل نادالە و تەنیا 15 نازناوی هەیە.

ڕۆجێر فێدێرێر، کە کەمتر لە مانگێکی ماوە تاوەکو تەمەنی بگاتە 36 ساڵ (1981/8/8)، بووە بە تەمەنترین یاریزان کە بتوانێت پاڵەوانیەتی ویمبلدۆن بباتەوە، کە ئەمەشیان هەر ریکۆردێکی نوێیە.

مایسترۆ فێدێرێر، خۆشەویسترین یاریزانی تێنسە لە مێژوودا، لە هەر یاریگەیەک یان هەر وڵاتێک یاری بکات، زۆرترین هاندەر و پشتیوانی هەیە، لە ڕووی کەسایەتیش کەسێکی سادەو مرۆڤێکی ڕەوشتبەرزە، خێزانێکی بەختەوەری هەیەو خاوەنی 2 کچ و 2 کوڕی جمکەیە، سەرپەرشتی چەندین دەزگای خێرخوازی مرۆییش دەکات.

ڕۆجێر، پاش ئەوەی لە دوو ساڵی پێشوودا تووشی پێکانی ئەژنۆی بوو، ماوەیەک دووربوو لە نازناوەکان و ریزبەندییەکەی پاشەکشەی کرد بۆ 17ـمی جیهان، بەڵام لە سەرەتای ساڵی 2017 بەهێز و جەستەیەکی پتەو گەڕایەوە بۆ یاریکردن و ڕاهێنەرێکی نوێی دەستنیشانکرد، کە ئیڤان لوبیچیچی کرواتییە. ئەو ڕاهێنەرە پێشتر ڕاهێنەری یاریزانی کەنەدی ڕاونیچ بوو و توانی ریزبەندیەکەی بگەیەنێتە چوارەم لە جیهان.

مایسترۆ لەبارەی ڕاهێنەرەکەیەوە دەڵێت "هەموو کەسێک ئەگەر بە تەمەن گەورەش بێت، هەردەم پێویستی بەوە هەیە شتی نوێ فێربێت، منیش ناتوانم بە تەنیا هەموو شتێک بکەم، تەنیا پێویستم بەوە هەیە یەکێک بە ڕێژەیەکی کەمیش بێت یارمەتیم بدات".

«ژمارەی هەموو بردنەوەکانی لە پاڵەوانیەتییەکانی گراندسلامدا بووە 317 بردنەوە»

شێوازی یاریکردنی مایسترۆ نزیکە لە لوبیچیچ، پێشتریش 16 جار یارییان لەگەڵ یەکدی کردووە، لوبیچیچ تەنیا 3 جار توانیویەتی لە فێدێرێر بباتەوە.

هەرچەندە مایسترۆ تەمەنی لە بەرزبوونەوەدایە، بەڵام هەر ئەمساڵ لە کۆی بەشداریکردنی لە 6 پاڵەوانیەتیدا، توانیویەتی 5 جار ببێتە پاڵەوان (2 گراندسلامی 2000 خاڵی ئۆسترالیا و ویمبلدۆن، 2 پاڵەوانیەتی ماستەرزی 1000 خاڵی مەیامی و ئەندیانە ویلز و یەک پاڵەوانیەتی چیمەنی جامی هۆپمانی 500 خاڵی).

لە جامی هۆپمانیش ئەوە سێیەمجارە مایسترۆ ئەم نازناوە بەرزدەکاتەوە بێئەوەی هیچ کۆمەڵەیەک لەدەستبدات و نۆیەم جارە ئەم نازناوە بەدەستبێنێت کە ئەمەش هەر ریکۆردێکی نوێیە.

هەر لە ویمبلدۆن ڕۆجێر توانی مێژوویەکی تایبەت بۆ خۆی تۆماربکات و چەندین ریکۆردی شکاند. هەر لە قۆناخی یەکەم ژمارەی سێرڤی ئێیسی گەیاندە 10000، کاتێک لە قۆناخی سێیەمی پاڵەوانیەتییەکەدا بەسەر میچا زیڤەرێڤی یاریزانی ئەڵمانیدا سەرکەوت. ژمارەی هەموو بردنەوەکانی لە پاڵەوانیەتییەکانی گراندسلام بووە 317 بردنەوەو پێش یاریزانی ئەمەریکی سیرینا ویلیامز کەوت کە پێشتر 316 بردنەوەی هەبوو.

مایسترۆ، بە بردنەوەی لە یاری پێش کۆتایی بەرامبەر یاریزانی چیکی تۆماس بێردیچ، بۆ جاری یازدەم گەیشتە یاری کۆتایی، کە هیچ یاریزانێک پێشتر نەیتوانیوە ئەو ئەنجامە بەدەستبێنێت لە پاڵەوانیەتییەکانی گراندسلامدا.

مایسترۆ، دووەم یاریزانە لە مێژووی گراندسلامدا، کە نازناوەکەی بەدەستهێنابێت بێئەوەی لە هەموو قۆناخەکاندا هیچ کۆمەڵەیەک بدۆڕێت. ئەمە تەنیا ساڵی 1976 ڕوویداوە کاتێک یاریزانی سوێدی، بۆرن بێرگ بووە پاڵەوان بێئەوەی هیچ کۆمەڵەیەک لەدەستبدات.

لە فینالی ویمبلدۆنی 2017 مایسترۆ ڕووبەڕووی یاریزانی کرواتی مارین سیلیچ بووەوە. ئەم یاریزانە پێشتر لە گشت پاڵەوانیەتییەکاندا 30 جار گەیشتووەتە یاری کۆتایی و 17 نازناوی هەبوو، کە تەنیا یەکێکیان ماستەرزی 1000 خاڵی بوو لەگەڵ یەک نازناوی گراندسلام، کاتێک توانی لە ساڵی 2014 ببێتە پاڵەوانی ئەمەریکای کراوە. لەبەرئەوە ئەزموونی زۆر کەمتربوو لە ڕۆجێر و خۆشی دەیزانی کە ئەرکەکەی قورسە، چونکە لە هەمانکاتدا لە قاچی پێکانی هەبوو، هەر لەبەرئەوەش لە کۆمەڵەی دووەم فرمێسک لە چاوەکانی هاتنە خوارەوە.

پێشتر هەردوو یاریزان 7 جار لەگەڵ یەکدی یاریان کردبوو، مایسترۆ 6 جار سەرکەوتنی بەدەستهێنا بوو. ساڵی ڕابردووش هەر لە ویمبلدۆن لە قۆناخی چارەکی
کۆ تا یی
یاریانکردو
فێد ێرێر
زۆر بە

زەحمەت یارییەکەی بردەوە، چونکە سیلیچ گەیشتە خاڵی کۆتای یارییەکە (ماتچ پۆینت). سیلیچ تەنیا لە پاڵەوانیەتی ئەمەریکای کراوە بردنەوەی هەیە بەرامبەر ڕۆجێر.

ئەگەر لە فینالی ویمبلدۆن مارین سیلیچ یارییەکەی بردباوە، یەک هەنگاو لە ریزبەندی دەچووە پێشتر، بەڵام بە دۆڕاندنەکەی هەر لە پلەی 6 مایەوە. فێدێرێر بەبردنەوەی نازناوی هەشتەمی ویمبلدۆن، دوو هەنگاو چووە پێشەوەو ئێستا سێیەمی ریزبەندی یاریزانە پیشەگەرەکانەو یاریزانی سربی نۆڤاک جۆکۆڤیچ کشایەوە چوارەم.

ئێستا پاش ئەوەی ڕۆجێر فێدێرێر گراندسلامی 19ی بەدەستهێناو سەرجەم نازناوەکانی لە کاروانی وەرزشیی خۆی گەیاندە 93 نازناو، کۆی خاڵەکانی گەیاندە 6545 خاڵ. تەنیا 1205 خاڵ دوورە لە یاریزانی یەکەم ئاندی مۆرای و 900 خاڵ دوورە لە ماتادۆڕی ئیسپانی ڕافایێل نادال کە ریزبەندی دووەمی جیهانە.

هەموو شارەزایان، پسپۆڕان و شرۆڤەکارانی یاری تێنس لەو باوەڕەدان ئەگەر ڕۆجێر فێدێرێر بەم ئاستە بەرزەی بەردەوام بێت، ئەوا هەر ئەمساڵ وەک پێشتر دەگەڕێتەوە پێشەنگی ریزبەندی یەکەمی جیهان.

*** سەرۆکی یەکێتی تێنس ـ لقی هەولێر**



«فێدێرێر لە ڕووی کەسایەتیشەوە کەسێکی سادەو مرۆڤێکی ڕەوشتبەرزە»

سەیروسەمەرەکانی تۆپی پێ

# بە ژنەکەی گوت دەچم جگەرە دەکڕم کەچی چووە ڕووسیا

## گارسیا: هیچ درۆم نەکردووە، چونکە بە ژنەکەم گوت دەچم جگەرە دەکڕم، بێگومان لە ڕووسیا کڕیم



**ڕووداوی وەرزشی ـ DW**

یەکێک لە سەیرترین چیرۆکەکانی نێوان هاوسەرەکان لە سەرتاسەری جیهان، مانگی حوزەیرانی ڕابردوو ڕوویدا، کاتێک هاندەرێکی هەڵبژاردەی مەکسیک بەناوی ئەرتۆرۆ گارسیا بەبێ ئاگارداری ژنەکەی سەفەریکرد بۆ ڕووسیا، تاوەکو سەیری یارییەکانی جامی کیشوەرەکانی 2017 بکات.

گارسیا چیرۆکێکی زۆر خۆشی دروستکرد، کە بەژنەکەی گوت دەچێت جگەرە بکڕێت، تاوەکو لە ماڵەوە بچێتە دەرەوە، لەجیاتی ئەوە سەفەریکرد بۆ ڕووسیا، بۆ ئەوەی هانی هەڵبژاردەی وڵاتەکەی بدات لە جامی کیشوەرەکاندا.

گارسیا لەو بارەوە ڕوونیکردەوە، کە ئەو بە ژنەکەی نەگوتووە بۆ کڕینی جگەرە دەچێتە چ مارکێتێک، بۆیە بە بۆچوونی خۆی قسەکەی نابێتە درۆ، چونکە دەتوانێت جگەرە لەو شوێنانە بکڕێت، کە بۆی چووە «بێگومان لە ڕووسیاش جگەرە دەکڕدرێت». گارسیا هەموو ئەو پارەی کۆی کردبووەوە، لەو گەشتە خەرجیکرد، یەکەمجار چووە ئەڵمانیا، لەوێ تووشی کێشە لە پاژنی پێی بوو، بەڵام ئەوە ڕێگەی لێنەگرت سەفەرەکەی بۆ ڕووسیا تەواو بکات، تاوەکو سەیری یاری هەڵبژاردەی مەکسیک بکات، لە گەڕی نیوەی کۆتایی بەرامبەر ئەڵمانیا لەنێو یاریگەدا.



# براوەیەکی مۆندیال بێ یانە ماوەتەوە

**ڕووداوی وەرزشی ـ Sport**

کریستیان زاکاردۆ، بەرگریکاری پێشووی یانەی ئەی سی میلان و براوەی نازناوی مۆندیالی 2006 لەگەڵ هەڵبژاردەی ئیتاڵیا، سوورە لەسەر یاریکردن بەردەوام بێت، بەهەر شێوەیەک بێت.

کریستیان زاکاردۆ، سیڤی پیشەگەریی خۆی لەسەر ماڵپەڕی (لینکد ئین) بۆ دۆزینەوەی کار بڵاوکردەوە، بەهیوای ئەوەی یانەیەکی تازە بدۆزێتەوە، دوای ئەوەی گرێبەستەکەی لەگەڵ فیچینزا هەڵوەشاندەوە، کە بۆ ریزی یانە پلە سێیەکان دابەزی.

زاکاردۆ، تەمەن 35 ساڵان، لەسەر ماڵپەڕەکە نووسی «گرێبەستەکەم لەگەڵ فیچینزا هەڵوەشاندەوە، کە تاوەکو ساڵی 2018 بوو. من ئێستا یاریزانێکم گرێبەستم لەگەڵ هیچ یانەیەک نییە، هێشتا لەڕووی جەستەییەوە ئامادەم و دەتوانم 2 ساڵی دیکە بە ئاستێکی هونەری بەرزەوە یاری بکەم. کێ دەیکات و گرێبەستم لەگەڵ دەکات، من یاریزانێکی پیشەگەری ڕژد و بەهێزم».

کریستیان زاکاردۆ، 17 یاری لەگەڵ هەڵبژاردەی ئیتاڵیا ئەنجام داوە، بێجگە لە یاریکردنی بۆ چەندین یانەی وەکو بۆلۆنیا، پالێرمۆ و ڤۆلفسبۆرگ، کە ساڵی 2009 نازناوی بۆندسلیگای لەگەڵ بەدەستهێنا، لەگەڵ میلان، پارما و کاربی.



## نەویستراوە

ڕاپۆرتە ڕۆژنامەڤانییەکان لە ئەڵمانیا، ئاشکرایانکرد یاریزانانی یانەی بایرلیڤەرکۆزنی ئەڵمانی زۆر دڵخۆش بوون کاتێک زانییان هاوڕێ مەکسیکییەکەیان، خافێر هێرناندێزی ناسراو بە چیچاریتۆ لە یانەکە دەڕوات و پەیوەندی بە یانەی وێستهامی ئینگلیزییەوە دەکات. وەک ئەو سەرچاوانە باسیدەکەن «چیچاریتۆ سەرەڕای ئەوەی گۆڵکارێکی بەتوانا بوو، بەڵام بەهۆی ڕەفتار و هەڵسوکەوتە سەیرەکانی هیچ لە هاوڕێیانی خۆشیان نەدەویست».



ڕێبوار محەممەد

## نەیمار لە ڕۆیشتن و مانەوەدا قازانج دەکات؟

من بابەتی دەنگۆکانی ڕۆیشتینی نەیمار لە بارسیلۆنا بەم شێوەیە دەبینم: هاوینی ئەمساڵ ماوەیەکی باش کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ و نیگەرانبوونی لە کارگێڕیی ڕیال مەدرید و دەنگۆی ڕۆیشتنی بوونە باسی یەکەم، بەتایبەت پاش ئاشکرابوونی سکاندالی خۆدزینەوە لە باج. ڕۆناڵدۆ بەو دەنگۆیانە چەندین چۆلەکەی بە بەردێک کوشت، ماوەیەکی زۆر تیشکی لە جامی کیشوەرەکان برد و خستییە سەر خۆی، فشاری سەرنەکەوتن لەو پاڵەوانیەتیەشی لە خۆی دوورخستەوە و دواجار کارگێڕیی ڕیال مەدریدی ناچارکرد داواکارییەکانی جێبەجێ بکەن و هەموو شتی بۆ بکەن. ئەنجامەکەش چیبوو؟ ڕۆناڵدۆ لە ڕیال مایەوە.

پاش هەڵاکەی ڕۆناڵدۆ، مێسی سەردێڕی ڕۆژنامەکانی گرت بۆ ماوەیەکی باش، بەڵام بەجۆرێکی دیکە، ئەو ئاهەنگێکی زەبەلاحی ژنگواستنەوەی ڕێکخست و لەگەڵ ئانتۆنێلادا بوونە وێنەی سەرەکی رووپەلی ڕۆژنامەکان، هەر لەسەرەتاوە ئەوە بووە باسوخواس مێسی کێی بانگهێشتکردووە و کێی بانگهێشتنەکردووە، بۆچی فڵانە ئەستێرە بانگ نەکراوە و ئەویدیکەیان بانگکراوە؟ پاشان وردەکاری ئاهەنگەکە تا جۆری خواردنەکان و شوێنی ئەنجامدانی و جۆری پاسەوانیکردنی لەلایەن کۆمپانیایەکی ئیسرائیلی و هەموو شتێکی دیکەی پەیوەست بەو ئاهەنگە بوونە باسوخواس و دوای تەواوبوونی ئاهەنگەکەش بابەتی دەرکەوتنی کۆنەیارێکی ئانتۆنێلا لە ئاهەنگەکەدا، ماوەیەک هەمووانی سەرقاڵکرد.

شەپۆلی هەواڵەکان دامرکانەوە و کەس باسی نەیماری نەکرد، لە هیچ شوێنێکەوە دیار نەبوو، ئێستا ئیدی کاتی ئەوەیە سێیەم دیارترین یاریزانی جیهان، خۆی دەرخاتەوە و بە هەمووان بڵێ منیش هەم.

لە ناکاو هەواڵی هەولی پاریس سانجێرمان بۆ گرێبەستکردن لەگەڵ نەیمار بووە ئاگری بن کا و هەموو دونیای تەنی، ڕۆژ نییە دەیان هەواڵی جیاوازی لێدروست نەکرێت، دەڕوات و ناڕوات، دەمێنێتەوە و نامێنێتەوە. ڕۆژنامەکان هەموو شتیان کۆتایی پێهێناوە، تەنانەت مووچەی هەفتانە و شوێنی نیشتەجێبوونی لە پاریس و هەموو وردەکارییەکی دیکە، دواجار لۆران بلانی بێ یانە و ئارسن ڤینگەری هەزاران کیلۆمەتر دوور لە فەرەنسا، قسەیان لەسەر ڕووداوەکە کردووە و بۆچوونی خۆیان ڕاگەیاندووە.

چۆنی دەبینم؟ هەرچەندە لەگەڵ ئەوەدانیم کە بۆ هەموو ڕووداوێک پێموابێت کەسێک یان بەرژەوەندییەک لە پشتییەوە هەیە، بەڵام هەرچەند سەیری ئەو دۆخە دەکەم، پێموایە ئەوە سیناریۆیەکە و زۆر زیرەکانە داڕێژراوە و لە کۆتاییدا هەرچی ڕووبدات، نەیمار قازانجی لێدەکات. بەڵام چۆن؟

ئەگەر نەیمار مایەوە؟ ئەوکات کەمێک لە تەپوتۆزی مانەوە لە ژێر سایەی مێسیدا لە خۆی دەتەکێنێت، هەمووان ناچار دەبن لە بارسا زیاتر بایەخی پێبدەن و ڕێزی زیاتری بگرن، بەر لە هەمووان هاوڕێکانی لە ناو یاریگا و دوای ئەوانیش ڕۆژنامەکانی کەتەلۆنیای لایەنگری بارسیلۆنا و پاشان کارگێڕیی بلوگرانا، چونکە ئەو بە مانەوە پێیان دەڵێت پێتان وانەبێت 222 ملیۆن بۆ ڕۆیشتن لە بارسا کارێکی ئەستەمە، ئەوە پاریس سانجێرمان ئامادەیە هەموو شتم بۆ بکات.

ئەگەر نەیمار ڕۆیشت؟ ئەوکات دەبێتە ئەستێرەی یەکەمی سانجێرمان، بەشێکی زۆری تیشکی میدیایی بۆخۆی ڕادەکێشێت، داهاتی بەشێوەیەکی بەرچاو زیاد دەکات، کۆمپانیاکان پەلکێشی خۆی دەکات، چونکە دەبێتە ئەستێرەی یەکەمی یانەکەی، باشترین ڕێگاش دەدۆزێتەوە بۆ ئەوەی بگاتە بالۆن دۆر، ئەو لە ئیسپانیا هەلی 20 لەسەدی ئەو نازناوەی هەیە، بەڵام ئەگەر پاریس سانجێرمان بکاتە پاڵەوانی ئەوروپا (کە بەدووری نازانم ئەو یانەیە لە 5 ساڵی داهاتوودا ئەو نازناوە بباتەوە) ئەوکات هیچ گومانێک بۆ ئەوە نامێنێتەوە کە نەیمار میراتگری شەرعی مێسی و ڕۆناڵدۆیە و گۆڕەپانەکە بەتەنیا بەدەست خۆیەوە دەمێنێتەوە.

چۆن سیناریۆیەکە؟



## بەپێچەوانەی زۆربەی یاریزانان ئاگای لە کێشی خۆی بوو..

# ئەنچیلۆتی لە پشوودا خۆی لاواز کردووە

**ڕووداوی وەرزشی ـ DW**

لەو کاتەی هەندێ یاریزان، بەدەست زیادبوونی کێشیان دەناڵێنن، بەهۆی ئاگانەبوون لە ڕەوشی جەستەیان لە پشووی هاویندا، کارلۆ ئەنچیلۆتی ڕاهێنەری بایرن میونشن، ڕێگەی پێچەوانەی هەڵبژارد. ئەو ڕاهێنەرە ئیتاڵییە ماوەی پشووی دوای تەواوبوونی وەرزی تۆپی پێی قۆستەوە، بۆ ئەوەی ئاگای لە جەستەی خۆی بێت.

ئەنچیلۆتی لە مەشقەکانی بایرن میونشن، لاوازتر لە جاران دەرکەوت، کەمکردنەوەی کێشی بە ڕوونی دیاربوو، ئەوەش بووە مایەی قسەوباسی دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە ئەڵمانیا، کە دووپاتیان کردەوە، کارلیتۆ 4 کیلۆگرام کێشی خۆی دابەزاندووە.

کارلۆ ئەنچیلۆتی، ڕاهێنەری بایرن میونشن، لە وەڵامدانەوەی پرسیاری ڕۆژنامەنووسان، سەبارەت بە دابەزاندنی کێشی لە پشووی هاویندا سڵی نەکردەوە، کە لە وەڵامدا گوتی «ئایا هەندێ کێشم لەدەستداوە؟ بەڵێ ئەوە ڕاستە». ئەو ڕاهێنەرە ئیتاڵییە گوتیشی «خواردن لە کەنەدا زۆر باش و بەتام بوو، کە بۆ بەسەربردنی پشووی هاوین چووبووم، بەڵام سووربووم لەسەر ئەوەی هەندێ کێشم کەم بکەمەوە». لە کۆتاییدا ئەو ڕاهێنەرە گوتیشی «وابزانم هەوڵەکانم ئەنجامیان هەبوو و توانیم هەندێ کیلۆگرام لەدەست بدەم».

پێشبڕکێ



### بە کورتترین و جوانترین لێدوانت لەسەر ئەم وێنەیە خەڵات وەربگرە

کورتە نامەیەک لەگەڵ ناوی خۆت بنێرە بۆ ژمارە تەلەفۆنی:

**0750 833 3555**





براوەی پێشبڕکێی ژمارەی پێشوو

فوئاد ڕەسوڵ لە سلێمانی

بە لێدوانی: **(دی خیایە، داڕووخایە)**



## دوو هەفتەیە جوولەی لێبڕاوە..

# قورئان تاکە جوولێنەری یاریزانەکەی ئەیاکسە

**ڕووداوی وەرزشی ـ Sport**

باوکی عەبدولحەق نوری، یاریزانی لاوی یانەی ئەیاکس ئەمستردامی هۆڵەندی، کە ماوەی ڕابردوو تووشی ڕووشانی مێشک بوو و لەسەر جێ خەواندی، دووپاتی کردەوە، کوڕەکەی هیچ جوولەیەکی نییە، تەنیا ئەوکاتەی قورئانی لەسەر دەخوێندرێ، جوولە دەکات، ئەگەر بە کەمیش بێت.

باوکی عەبدولحەق، لە لێدوانێکیدا بۆ کەناڵی بی ئێن سپۆرت، گوتی «نوری تەنیا سەری دەجوولێنێ، کە گوێی لە سوڕەتی (الاعلی) دەبێت، کە ئەوکاتەی ساخ بوو بەردەوام دەیخوێندەوە». باوکی ئەو یاریزانە لاوە دەرفەتەکەی قۆستەوە، بۆ ئەوەی سوپاسی هەموو ئەستێرەکانی پێشوو و ئێستای تۆپ پێ بکات، کە بەشێوەیەکی گەورە هاوسۆزیان لەگەڵ کزەی جگەری دەربڕیووە، هەمان شت لەگەڵ جەماوەری ئەیاکس ئەمستردام، کە بە ڕێپێوانێکی قەرباڵغ بەرەو ماڵەکەی چوون، تاوەکو هاوسۆزی و پشتیوانی خۆیان بۆ ئەو یاریزانە لاوە، لەو کارەساتەی بەسەریدا هاتووە دەربڕن.

KOREK Telecom

# هەمیشە دڵشادبە

## ئینتەرنێتی ڕۆژانە و مانگانەی بێسنوور لە (کورەك)ەوە





لەگەڵ کورەك بەکارهێنانی ئینتەرنێت هیچ سنوورێکی نییە. هەر ئێستا بەشداربە لە پاکێجەکانی ئینتەرنێتی کراوە, بە پێی ئەم ووردەکارییانەی خوارەوە:

- پاکێجی ڕۆژانە: تەنها بە 2,000 دینارە و بۆ ماوەی 24 کاتژمێر بەردەستە
- پاکێجی مانگانە: تەنها بە 30,000 دینارە و بۆ ماوەی 30 ڕۆژ بەردەستە

بۆ بەشداریکردن لە پاکێجی ڕۆژانە بە نامەیەك ژمارە 1 و بۆ پاکێجی مانگانەش ژمارە 3 بنێرە بۆ 250, یاخود پەیوەندی بکە بە #250*

411

korektel.com

RÛDAW

(ڕووداوی وەرزشی) ڕۆژنامەیەکی هەفتانەیە کۆمپانیای ڕووداو بە سپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم، هەموو ڕۆژانی سێشەممە دەریدەکات

لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بە ژمارەی متمانەی (160) تۆمارکراوە

www.rudaw.net

سەرنووسەر: ئیحسان تاهیر محەممەد

e-mail:ihsan@rudaw.net - 0750 833 34 44

ئەندامی شانازی ستاف: عەبدوڵڵا قرگەیی

بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی

دیزاینەران: هونەر مەرجان ـ ژیرۆ عەبدولرەحمان



هەموو دووشەممەیەک بخوێنەوە

ڕووداو هەموومان گەنجتر دەکاتەوە